سەرۆك وەزیران پێشوازی کرد لە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە عەدنان درجال سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و جەختی لە گرنگی بەرەوپێشبردنی ئاستی خولی عێراق کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- سەرۆك وەزیران جەختیکردەوە، لە پاڵپشتیی بەردەوامی حکومەت بۆ هەموو ئەو هەنگاوانەی کە کار بۆ پەرەپێدانی تۆپی پێی عێراق دەکات، لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی تیپە نیشتمانییەکان لە پۆلە جیاجیاکان و دانانی لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە و ناوەندەکانی ڕاهێنان، بەمەبەستی پەیداکردنی ئەزموون و بەرزکردنەوە ئاستی ئەدای کارکردن، هەروەها نۆژەنکردنەوەی یاریگا و ئاسانکارییەکانی وەرزش لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات.

تەئکیدیشیکردەوە: لە گرنگی بەرزکردنەوەی ئاستی خولی عێراق، بەتایبەتی دوای واژۆکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن و گرێبەستی هاوبەشی لەگەڵ خولی ئیسپانی (لالیگا)، کە بریتی بوو لە سپۆنسەرکردنی خولی پیشەگەری عێراق و پەرەپێدانی بەهرەمەندەکانی تۆپی پێ، جگە لە بەرزکردنەوەی شارەزایی ئەوکەسانەی لە یانەکان کاردەکەن.